# چ شتێك پیرۆزە ؟ چ پیرۆزە لە ژیانی مۆدێرن و ئەدەبیاتدا ؟

## کۆبوونەوەی نووسەرانی نێودەوڵەتی مووکوڵا:

خەسرۆ پیربال



( International Writer's Meeting of Mukkula)لە فینلەندا، لە هاوینی داهاتوودا، بڕیاری سازدانی ڤێستیڤاڵێکی ڕۆشنبیری نوی ی داوە کە مانگی ٦ ی ٢٠٠٣ لە شارۆچکەی لاهتی و مووکوڵا بەڕێوەدەچێت.
دیارە هەر دووساڵ جارێك، ئەم ناوەندە ڕۆشنبیریە، لەسەر تەوەرێکی دیاریکراو، وە بەهاوکاری پارێزگای شاری لاهتی – سەعاتێك لە هلسنکی پایتەختەوە دوورە – و هەندێك لە ناوەندو بنکەی فەرهەنگی و یەکیەتی نووسەرانی شاری لاهتی ، هەڵدەستن بە سازدانی کۆبوونەوەیەکی گەورە کە بۆ ماوەی هەفتەیەك درێژە دەکێشێت، وە هەر کۆبوونەوەیەك لەسەر تەوەرێکی پێشتر دیاریکراو، سازدەکرێت، هەروەکوو بەڕێوەبەرانی ڤێستیڤاڵەکە (تۆماس نێڤالینا و یوها سیلتانین) بۆی ڕوونکردینەوە، کە بابەتی ئەم ساڵی بێتەوە، لەژێرناوونیشانی :
(چ شتێك پیرۆزە ؟، چ پیرۆزە لە ژیانی مۆدێرن و لە ناو ئەدەبیاتدا ؟)

دیارە ئەم کۆبوونەوەیە، هەر لەسەرەتای چالاکیەکانیان، نووسەرو شاعیرانی گەلێك وڵات و میللەتانی داوەتکردووە، لەوانەش گەلێك جار، نووسەرو شاعیرانی کورد، لە ئەوروپا و وەیانیش، ڕاستەوخۆ لە کوردستانەوە بەشداریان تێداکردوە.
بە شێوەیەکی گشتی، بەرنامەی ئەم کۆبوونەوەیە، لەوەدا خۆدەگرێتەوە، کە نووسەران جگە لە خۆناساندن و باسکردنی کورتەیەك لەسەر ژیانی خۆیان و میللەت و ئەو وڵاتەی لێیەوە هاتوون، دەبێت بابەتێکی تایبەت لەسەر تەوەری دیاریکراوی کۆبوونەوەکە، بە زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی ، یان فینلەندی ئامادەکردبێت.، ئەگەر بکرێت نموونەیەك لە بڵاوکراوەو کتێبەکانیشی لەگەڵ خۆیان پێشکەشی ئامادەبووان بکەن.
ئەم ڤێستیڤاڵە ڕۆشنبیریە گرینگیەکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی هەرجارێك، دەیان نووسەری وڵاتانی دوونیا لەخۆیەوە دەگرێت، وە هەلێکی زێڕینیشە بۆ میللەت کورد و نووسەرانمان، بۆ ئەوەی دەرفەتی ناساندنی میللەتی کورد و ئەدەبیاتمان، بە شێوەیەکی ئەکادیمی بگەیننە ئەوروپا و، بەڕێگەی ئەم کۆبوونەوەیەش نووسەرانی وڵاتانی تری دوونیا گوێبیستی شیعرو دەنگ و ڕەنگی کوردستانی بن.
لە کۆتاییدا، هەر هێندە ماوە بڵێم، کە هیچ میللەتێك هێندەی میللەتی کورد و نووسەرانمان پێوویستیان بەو دەرفەتانە نیە، دەبێت ئەرکی نووسەران و ڕۆشنبیران بێت، وەکوو دیبلۆماتکارێك بن، دەنگ و ڕەنگ و ئەو ئازادی و ئەزموونە گەورەیەمان بگەیینە دەرەوە.

هلسنکی – ٢٠٠٢/١٠/٨
Pirbal@hotmail.com

www.kurdistannet.net